گەشتێکی کورت
بەجیهانی هونەری منالاندا

عوسمان هەورامی

هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەری منالّ ، بەتایبەتی لایەنی وێنە و نیگار ، کە لەگەڵ چاوکردنەوەیا دەست پێ ئەکا ، کێشەیەکی سەختەو ، هەمەچەشن رای پەروەردەیی لەسەرە ، چۆنیەتی رابەری‌و سەرپەرشتی کردنی منالّ لەم مەیدانە بەرین‌و فراوانەدا کارێکی زۆر گران‌و ئەرکێکی زۆر گرنگە .

ئەگەر هەر لە سەرەتاوە لە منالّ بگەین‌و ، ئاگاداری‌یەکی‌و راست‌و دروست‌و دەرسکراو هاوشانی بێ ، بێ گومان هونەرمەندانی بەهرەوەرو بەتوانای بێ مەرزمان دێنە کایەوە .

جیهانێکی سەیرو سەرسورهێنەر :

بەر لەوەی لە جیهانی پڕ لە سەمەرەی منالّ وردبینەوە ، پێویستەو ئەرکی سەرشانی لێکۆڵەران‌و پسپۆرانە ، لە خودی منالّ خۆی وردینەوە ، ئەوەتا ، ئەگەر بەچاوی وردبوونەوەو شیکردنەوەوە بروانینە هەردوو دیمەنی دیارو دەروونی منالّ ، بۆمان ئاشکرا ئەبێ کە بە هەزاران چاوئەندازی سەرنج راکێش لە توێی هەناوی هەر منالێکا ، هەندێ رووت‌و هەندێ مت‌و کپ‌و خامۆش خۆیان حەشار داوە ، جا بۆیە بۆمان هەیە بڵێین پێش ئەوەی جیهان‌و ژیانی منالّ بە سەیر بزانین ، منالّ بۆ خۆی زۆر سەیرو سەمەرەیەو بۆ خۆی لە خۆیا جیهانێکی بەرین و بێ کۆتایە ، هەر لەم روانگەیەشەوەیە زانایانی دەروونناسی بەو پەری وردبوونەوەو دیراسەی هەمە بابەت‌و هەمەرەنگەوە ، دەمێکەو بەردەوام‌و بۆ پاشەرۆژیش گەشتیان لەگەڵ هەناو و دەروونی بەربڵاوی منالا بەردەوامە .

خۆ ئەگەر دەورو بەری منالیش ، لەپێشەوە دایك‌وباوك «ماڵەوە» جا مامۆستایان «قوتابخانە» ، توانیان بە ناخی منالا بچنە خوارەوە و لەگەڵ هەست‌و هەڵس‌و کەوتیان مامەڵەبکەن ، ئەوا هەردوو لا بەختەوەرانە بەرەو تێگەیشتنی ژیانی راست وجیهانی دروست ئەرۆن .

لە ئەنجامی ئەم تێبینی‌یانەدا بۆمان روون ئەبێتەوە کە راست‌و دروستە ، منالّ سەرچاوەیەکە فێرمان ئەکات‌و فێریشی ئەکەین ،

ئارەزوویەکی دەروونی :

بێ گومان منالّ پەپوولەیەکی گوڵزاری بەهاری ژینی دڵکێش‌و رەنگینەو ئەیەوێ لە نهێنی‌یەکانی ژیان‌و سروشت و ، دەور و بەری خۆی بگات ، هەروەها ئەیەوێ بە چاوی پڕ لە نهێنی بە ناخی دەروونی خۆی‌و هاورێ‌و خوشك‌و براو دایك و باوك‌و مامۆستاکانیا گەشتی خۆی بکات . . لەبەر ئەمەشە وتراوە منالّ لە سروشتا بۆ خۆی هونەرمەندێکی زۆر بەسەلیقەو لێهاتووە .

کاتێکیش ئەم بەهرەیە چەکەرە ئەکات‌و پەل بلاو ئەکاتەوە ، بواری لەبارو گونجاوی خۆی بۆ تەرخان بکرێ ،

ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەری ئەبێ . . پەل‌وەشان و جووڵەو بزووتنی منالْ ، لە خۆیا وێنەکێشانی سەرسوڕهێنەرە بەناو بۆشاییدا و مایەی دڵخۆشی دەورو بەریەتی ، هەر کە توانیشی هەر شتێ بە دەستەوە بگرێ ، بە هەموولایەکو هەموو بارێکا هەڵێنەسووڕێنێ ، بە ناو هەوادا ، بە سەر لەشی خۆیا ، بەسەر فەرش‌و زەویی بەردەمی خۆیا ، وەك بیەوێ بە تیشکێکی نهێنی لە ڕواڵەت و ڕووکەش و ناوەڕۆکو کرۆك بگات ، . . لە هەمان کاتیشا هەمە چەشن دەنگی سەیر سەیر لە زارە بچکۆلانە خرپنەکەیەوە دەرئەچن ، کە هەمە ڕەنگ ئاوازو سازی پڕ لە بەختەوەری ، توندو تیژی ، پەستی ، زویری دەرئەبڕن و لەم ڕووەشەوە جۆرەها نۆتەی مۆسیقا دا ئەڕێژن ، ئیتر بەم چەشنە ئەیەوێ بەهەر جۆرێ بووە وێنەی ئارەزووەکانی دەربڕێ .

جا بۆیە ئەتوانین بۆ ئەو ڕایە بچین و بڵێین ، کە منالْ هاتە سەر ڕووی زەوی و چاوی کردەوە ، ئەیەوێ بە هەمە ڕەنگ ڕێ‌و هۆ و دەربڕین پێویستی‌و ئارەزووی دەروون‌و گیانی خۆی دەربڕێ . . کە لەگەڵ تەمەنیشا تواناو هەست و لێکدانەوەو دەربڕینی بەربلاوتر بوون ، درێژە بەو دەربڕینە سەیرانەی سەردەمی سەرەتای منالی خۆی ئەدات‌و چەشنەها هۆ ئەمە ئەگەیەنێتە دەورو بەرو جیهانی خۆی . .

بەیوەندیی منالْ بە کەلوپەلی دەوروپشتیەوە :

هەر کە منالْ چاوی کردەوە ، لە هەموو شتێکی دەورو پشتی خۆی ورد ئەبێتەوە و ، ئەم دیو و ئەو دیو ئەکات‌و بە هەر چوار دەوری شتە گەورەکانا هەڵئەسووڕێ‌و ئەیەوێ بچێتە ناو بچووکترین تا گەورەترین شتەوە . . ئیتر بەم چەشنەو هەموو ڕۆژێ هەر لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە ئەمە پیشەو کاریەتی . . ئەبینین هەر جارەی شتێکی بە دەستەوەیەو لە کونجێکا کۆمای خۆی هەڵچنیوە ، . . جارێکیان خانوچکەیەکی جوانکیلانەی وەکو ماڵەکەی خۆیان ، یا هی دراوسێکەیان ، یان هی خزمێکی خۆیان دروست ئەکات ، هەندێ جاریش گەڕەکی خۆیان – بە شەقام‌و کۆڵان‌و بازاڕەوە – ئەنەخشێنێ . . زۆر جاریش لە شتە وردەکانی بەر دەستی (وەکو پارچە کاغەزی ڕەنگاورەنگ و پارچە قوماشی هەمە ڕەنگ ، چیلکەو پەلی قەشەنگ ، گەڵاو گوڵ ، پارچە تەختە و لاستیك ، قوڕو تەنەکە ، قاوغە شقارتەو قوتوو . . هتد) شتی سەیرو سەمەرە دروست ئەکات . . لێرەدا کاری بووکە شووشە و یاریی پلاستیك‌و جۆرەکانی تر دێتە کایەوەو پێویستە بە پێی تەمەن‌و تواناو ئارەزووی منالْ ، لەم یاری‌یانە بۆ منالْ هەڵبژێرری ، بێ گومان ئەمەش درێژە بە بەهرەو سەرنجی هونەریی منالْ ئەدات و لە هەمان کاتیشا زۆر هاندەر و یاریدەدەرە . . هەروەها بردنە دەرەوەی منالْ بۆ گەشتی خێزانی‌و دیتنی دیمەن‌و هەمەرەنگ وێنەی ژیان ، کاریگەرو بەجێ‌یە بۆ پەرەسەندنی توانای هونەری .

سەرەتای وێنەکێشانی منالْ

کاتێ منالْ سەرنجی خوشك و براکانی ئەدا ، وا قەڵەم و دەفتەریان بە دەستەوەیەو خەریکی خەتکێشان و نووسینەوەو نیگارکێشانن ، بێ سێ‌و دوو ئەمیش پەلاماری قەڵەمەکانیان ئەداو ئەیەوێ نیگاری جیهانی تایبەتی خۆی بکێشێ ، بەم چەشنە پەلاماری دەفتەری ئەم‌و کتێبی ئەو ئەداو ، بە قاقاو پێکەنینی قووڵەوە بە ڕاست و چەپا خەت ئەکێشێ‌و لە خۆشیانا هەڵئەبەزێتەوەو دائەبەزێتەوە . . خۆ ئەگەر بێت‌و دەفتەرو قەڵەم‌و بۆیەی تایبەتی بۆ تەرخان نەکرێن ، ئیتر وا هەر چاوێکی ئەکا بە هەزار ، هەر کە قەڵەم ، تەباشیر ، بگرە بۆیەو خەڵووزی بەر دەست کەوت ، هەرچی لەبەر دەستیا بێ وێنەیەکی لەسەر ئەکات‌و بە هەموو لایەکا خەت ئەکێشێ ، بەم جۆرە لە ماوەیەکی کەما دارو بەردو دەرگا و پەنجەرەی ماڵەوە ئەکات بە پیشانگەیەکی زۆر سەیر .

جا بۆ ئەوەی ئەم ئارەزووەی سەرکوت نەکرێ و بەهرەی پیرۆزی زیندە بەچاڵ نەکرێ ، زۆر پێویستە قەڵەم‌و بۆیەو دەفتەرو کاغەز ، لە جانتا ، یا شوێنێکی تایبەتی خۆیا بۆ بپارێزرێن‌و هەرکاتێ ویستی با بەکاریان بهێنێ ، بەم چەشنە گەشە بە هونەرەکەی ئەکرێ‌و لە هەمان کاتیشا خاوێنیی دەورو بەری ئەپارێزێ .

بابەتەکانی نیگارکێشانی منالْ :

هەزار حەیف‌و داد بۆ ئەو پشتاو پشتانەی لەمەوبەر ، کە لەم بەهرە شیرینەی ئەم سەردەمە بێ‌بەش بوون . . ئەوە بوو ڕژێم‌و دەستووری پەروەردەیی سەردەمانی لەمەوبەر ، بەو ڕۆتینە وشك و برنگەی بەسەریا سەپێنرابوو گوزەری ئەکردو بە هیچ بارێکا ئاوڕ لە هیچ بەهرەیەکی هونەری نەئەدرایەوە ، لە ئەنجاماو بەر لە سەردەرهێنان زوربەی ئەو هەموو تۆوە ڕەسەنانە پووکێنرانەوە ، پووچێنرانەوە و بۆ هەزاران جار بە پاڵەپەستۆ بە هەتیتەی ئەشکەنجەدا ، داهێزران‌و سەرکوت کران .

ئەوە بوو لەسەردەمانی ڕابوردوودا ، هیچ بوار نەئەدرا بە منالْ پەنجە بەرێ بۆ

نیگارکێشان ، بگرە لە هەندێ بارو دۆخا ئەم هەنگاوە دوا ئەخرا بۆ پلەی هەورازتر ، بە واتایەکی کە بۆ پۆلی چوارەمو بەرەو ژوورتر . . مامۆستای هونەری دوور لە هونەرو ، دارنراو لە هەموو واتایەکی هونەر ، شتێکی بۆ منالّ دەسنیشان ئەکرد ، هەر شتێك بوایە ، ئەیوت : (ئادەی ، رێك وپێك و بێ کەمو کووری نیگاری بکێشن . .) یا بۆ خۆی نیگارێکی رەنگاورەنگی ئەکێشاو فەرمانی ئەدا : [ئادەی ئێوەش وەکو ئەوەی – من – نیگار بکێشن .] . لەهەردوو بابەت و بارەکەدا ئۆف‌ودادو ، وەی بۆ ئەو منالّە قوڕ بەسەرەی وێنەکەی دەرنەکردایە ! . . جێی داخێکی قوولّو کاریگەرە ، کە تا ئێستاش لە زوربەی زۆری قوتابخانەکانمانا ئەم (پەیرەوی‌یە پواوە) باوەو نەك هەر پەیرەوی بچووکترین نرخی هونەر ناکرێ ، بەڵکو هونەر هەر بەهیچ و پووچ وبارێکی گرانو رەزا قورس ئەزانن . . . ناشکرێ بڵێین هەر ئەوەندەی لێ ئەزانن و ئەمەندەی بۆ چوون ، بەڵکو ئەبێ هەمیشەو هەردەم پەیوەندیی هونەری لەگەڵیانا هەبێو رێنمایی بەردەوام بێ ، کادری هونەری پەیدابکرێ و لە هەمە چەشن خولو دەورەی هونەریدا هاوبەشی بکات ، تا ئەمە خوایە بە زووترین کات نرخی تەواوی گونجاو بدرێ بە هونەر ، ئەو هونەرەی ئاوێتەی ژیانە . . ژیانی رۆژانەی منالّ ، لە خەوهەستان ، دەستو دەمو رووموەت شۆرین ، نان خواردن ، ماڵەوە ، گەرەك‌و دراوسێ ، رێگای قوتابخانەو سەرنجەکانی ، پەیوەندیی بە هاورێو پۆلو قوتابخانەوە ، سەرنجی باخچەو دەورو بەر ، یاری‌یە پوختە جۆراو جۆرەکان ، هۆنراوەو چیرۆکی پەروەردەیی خۆش‌و کورت شادی‌و شیوەن . . ئەمانەو زۆرتریش بابەتی زۆر لەبارن بۆ نیگارکێشانی منالّو بە گیانێکی پڕ لە خۆشی‌و شادی‌یەوە ، وەریان ئەگرێ و لەگەڵیانا ئەژیو چێژێکی زۆر قوولّ بە هەستی منالّ ئەبەخشن .

نابێ ئەوەش لە یاد بکەین ، هەر کە منالّ ویستی بە خواست و ئارەزووی خۆی بابەت هەڵبژێرێ و نیگار بکێشێ ، با بیکێشێو ناکرێ رێی لێ بگرین .

ئەبێ ئازادی بدەین بە منالّ :

ئێمە لە ژیانی رۆژانەی خۆمانا ، چەندان هەڵوێستو هەڵس‌و کەوت‌و کارمان لەبەردایە ، کەسیشمان نی‌یە پێی خۆش بێو بوار بدات هیچ کەسێ خۆی لە کارو بارو راو نیازی تایبەتیدا هەڵقورتێنێ ، خۆ ئەگەر ئەمە روو بدات بەوپەڕی تواناوە بەرەنگاری‌و بێزاریمان دەرئەبڕین ، سەبارەت بە منالّیش بابەتەکە هەر هەمان بابەت وکێشەیە ، بگرە لەبەر ئەوەی منالّ ناتوانێ زۆرتر بە وتەو ، زارە تەشمیلەکەی پەستی‌و پرۆتستۆو بێزاریی خۆی دەربڕێ ، لە ناخ و دەروونا گەلێ پەستتر و دژوارترە . . بۆیە دووری‌یە ئەگەر دەستکاری کردنو لاقەکردنی وێنەو بەرهەمی منالّ دووبارەبێتەوە ، ئەنجامی ناهەموارە ، منالّ سارد ئەبێتەوە ، ئەستێرەیەك کزئەکرێ . . بەم چەشنە ئەم وێنەیە دێتە پێش چاومان : ئەگەر لە هەموو لایەکەوە سەرچاوەیەکی بچکۆلە نوێلکاری‌و پیککاری و پاچکاری بکرێ ، پاش ماوەیەك ئاوەکە رۆ ئەچێ و لە ناخی زەویدا ون ئەبێ . . جا ئەگەر وەك سەرچاوە ، کە لەسەرچاوەوە پاك ئەکرێتەوەو ، ئاوەرۆگەی خاوێن بکرێ ، ئاوەکەی لە زۆربوون و تەوژمی بەردەوامایە ، منالّیش لە هەمانڕ وانگەوە مامەڵەی لەگەڵا بکرێ ، هەمیشە بەرهەمەکەی سەرچاوەیەکی هەمیشە تەقیو ئەبێ .

سەبارەت بە منالّیش و گەورەش ، لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین لە بوارو مەیدانی ئازادیدا بەهرەی رەسەن هەزاران بەهرەی گەش و پرشنگداری لێ ئەبێتەوە ، هەر بەهرەیەکیش لەرادەبەدەر نامەی پڕ لە پیرۆزیی هونەر ئەگەیەنێو پتر گەشە ئەکات . .

هەڵسەنگاندنی بەرهەمی منالّ :

گەلێ راست‌و دروستە ، کە وتراوە دەردەدار بە دەرد ئەزانێ . . لەمەوبەر هەر بەش‌و پارچەیەکی وانەی هونەر بە دەست مامۆستایەکەوە بوو ، بەم چەشنە مامۆستای تایبەتی تەرخان نەئەکرا بۆ ئەم وانە پیرۆزە تا بتوانێ زنجیرەی سەرەتاو کۆتایی ئەم بەهرە رەنگینە پێکەوە ببەستێ . . بە دەگمەنیش رێك‌کەوتووە یەك مامۆستا ئەم وانەی هونەرە لە دوو پۆلو سێ پۆلا بڵێتەوە ، ئەمەیان لە سەرێکەوە ، لە سەرێکی کەشەوە تا مامۆستایەك وانەکەی تەرخان کردووە بۆ مەبەست ، بە دەیان مامۆستای تر ئەم وانەیەیان بە دەرفەت زانیوە بۆ حەسانەوەی خۆیانو سەرکوتکردن و کپکردنی منالّەکان . . سەبارەت بەو مامۆستایەش وانەکەی وتبێتەوە ، کە هاتۆتە سەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمی منالّەکان ، پاندانێکی زەردو سوور ، مەرەکەب پیرۆزەیی ، یاسووری دەرهێناوە و مەچەکی لێ‌هەڵپالیوە و دارە بۆریش بە دەستی چەپەوە ، ئەوەی بەرهەمەکەی بە دڵی مامۆستایەو ، با بۆیشیان کردبێ ئەوە دە لە دە ، ئەوەیشی بە دڵی نەبووە ، پاش خەتێکی راست و چەپێ پڕ لە رق‌و کینە

بە سەر لاپەڕە نازدارەکەیا ، چوار ، پێنج داری مزریشی تێ سرەواندووە . . بەم چەشنە کە مامۆستا چووەتە ژوورەوە ، هونەر لە کە ڵەو دەروونو پەنجەو چاوی منالا هەلاتووەو هەرگیزاو هەرگیز نەگەڕاوەتەوەو بۆ هەتا هەتایە تەرە بووە .

لەسەرەتای ئەم خاڵەوە تا ئەم عاستە ، بە داخەوە ، تا ئەم ڕۆش لە زوربەی زۆری قوتابخانەکانمانا دووبارە ئەبێتەوە و کسپە لە ناخ هەڵئەسێنێ .

جا بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەری منالێ دەوروخولی مامۆستای هونەر – تا کۆتایی پۆلی سێیەم – تەنیا هاندانو ئافەرین لێ کردنە ، لەوەو بەرەوژوورتر ، بە نەرمیو تێکەڵ بە ئافەرینی گەرمو هەر بژی ، ڕێنمایی کردنی دروستکەرو پتەوی مامۆستا ، خولی باشو بەکەڵکی خۆی ئەبینێ . . بەم چەشنە هێزو توانای باوەڕ بە خۆکردن لە دەروون و هەناوی منالا ئەچێنرێو ، ببرای‌ببڕ ناپارێتەوە و پەنا ناباتە بەر هیچ کەسێ نیگارو نەخشی بۆ بکێشێ .

بۆ تۆمارکردنی تێبینیش لە دەفتەری هونەری منالا ، تەنیا لە دیوی دووەمی لاپەڕەکەدا ، واتە لە پشت نیگارەکەوە ، (تەنیا لەسەر یەك ڕووی پەڕە قوتابی نیگارئەکێشێ) بە هێواشیو ئەسپایی ، بەو چەشنە کار نەکاتە سەر وێنەکە ، مامۆستا بەرواری ڕۆژ تۆمار ئەکات ، ئیتر نە نمرەو پلەو نە هیچی تر .

هەندێ چیرۆك لە وێنەی منالا :

ژیانی مرۆڤ سەراپا چیرۆکێکی شانۆیی‌یەو ، گەورەترین خولی پاڵەوانێتی ، خودی هەریەکە بۆ خۆی ئەبینێ . . سەردەمی منالێش خۆشترینو قەشەنگترین هەنگاوی ئەم شانۆگەری‌یە سەیرەیە ، کە پڕە لە خەونی سەوزو ئاڵ ، پڕە لە شیرینترین سەردەمی جیهانی منالێ . . سەرەتای ژیانی منالێ پڕە لە سەرنج و تۆمارکردن ، لەم سەردەمەدا هەروەکو تۆمارێکی ئەلکترۆنی هەموو شتێك وەرئەگرێو موگناتیس ئاسا بە هەمووشتێکا ئەنووسێو ئاوێتەی ژیان ئەبێ و ئەبن بە یەك پارچەی لێك دانەبڕاو ، بەم چەشنە چیرۆکی ژیان لە بەرهەمی منالا هەمیشەیی و نەپچڕاوە .

باوکێکی هونەرمەند گێڕایەوە ، وتی ، منالەکەم ، کە تەمەنی سێ ساڵ و نیوە ، خەریکی یاریکردن بوو بە پەڕەکاغەزو قەلەمێك ، لە پڕێکا وتی : ئەها بابە ، وێنەی تۆ و دایکم کێشاوە .

کاتێ سەرنجم دا ، دیم بە هەموو لایەکا کۆمەڵێ هێڵی هەمە جۆری کێشابوو ، منیش زۆر ئافەرینم کردو ئەم لاو ئەو لایم ماچ کرد . . پاشان کوتوپڕ و بە قایم تووکی قەڵەمەکەی کێشا بە ناوەڕاستی (وێنەکەیا) . . کە هۆی ئەمەم لێ پرسی ، لە وەڵاما وتی : ئاخر تۆ هەموو جارێ کە توورە ئەبی بە توندی ئەکێشی بە ناوەڕاستی مێزەکەدا .

منالێکی کەش لە باخچەی ساوایانا سەیری هێڵە جۆراو جۆرەکانی ئەکاتو ئەڵێ :
ئەمە وێنەی ئەو شتانەیە ئەم بەیانی‌یە لە ڕێی باخچەدا دیومن . . پەنجە نەرمۆڵە زیکەلەکانی بەسەر هێڵەکانا ئەبات و هەر هێڵەی ناوێکی لێ ئەنێو بەشان و باڵیا هەڵئەدا .

لە باخچەیەکی تری ساوایانا ، کۆمەڵێ منالێ بە ئازادی و ئارەزووی خۆیان بە ڕاستو چەپا بە فلچەو بۆیەی هەمە ڕەنگی پەلکە زێڕینە ئاسا هەڵئەسووڕێنو بە خەندەوە ئەڵێن : بە هەرەوەز وێنەی هەرەوەز ئەنەخشێنین .

بەراسی ئەم بوارە بەرینە ئاسۆکەی باخچەکانا ، مرۆڤ خۆی لە بیر ئەچێتەوە و هەزارو یەك خۆزگەیان پێ ئەخوازێو ئۆخەی ئەکا بۆ ئەم دەرفەتو سەردەمەی بۆ منالی ئەم ڕۆ هاتۆتەکایەوە ، کە بێ‌گومان هونەرمەندی دیاری دواڕۆژێکی پرشنگدارترە .

لە هەمان کاتیشا کسپەیەکیش ئەنیشێتە ناخ بۆ بە باچوونی هەزاران بوارو دەرفەتی لە کیس‌چووی لەمەوبەر .

قوتابی‌یەکی پۆلی یەکەمی سەرەتاییش سەرنجێکی وێنەکەی ئەدات و چیرۆکی گەشتی هاوین ئەکا ، بەناو ئاو و هەواو باخ و ڕەزی هاوینە هەوارە نازدارەکانمانا .

کیژۆڵەیەکی کەش زەماوەنو شایی بووك‌گواستنەوەی گەرەکی خۆیان ، لە گوندەکەی خۆیانا ئەکێشێو ئەداتە قاقای پێکەنین و ئەڵێ : ئەها نوقڵ و چکلێت بە سەر بووکێدا هەڵئەدەن .

بەم چەشنە و لەم جۆرە چیرۆکانە ، هەموو هەناسەیەك لە ناخی منالەوە سەر هەڵئەدەنو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پەیوەندیی نێوان سروشتو دەورو بەرو دەروونی منالێ دەرئەخەن .

بێ گومان ئەگەر منالەکانی ئێمەش لەم بەهرە زیندووەدا ئاگاداری و سەرپەرشتی‌یان هەبێو تازەترین شێوەی سەروکاری دروست و ڕاست باڵ بکێشێ بە سەریانا ، لە دواڕۆژێکی نزیکا هەر منالەی ئەبێتە خاوەنی قوتابخانەیەکی هونەری تایبەتی خۆیو هونەرمەندەکانمان لەگەڵ کاروانی بێ بەرو دوای بەهرەمەندانی جیهانا گوزەر ئەکەن . . لە کۆتاییدا ئەڵێم کە ئەم باسە دەربارەی کێشەیەکی گەورەو گرنگ و چارەسەرکردنیەتی ، لە هەمان کاتیشا دەرگا والا ئەکاتەوە بۆ درێژە پێدان و تۆژینەوە و دیراسەکردنی لەلایەن پسپۆڕانەوە .